# هیچ کەسێک هێندەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە لایان خۆشەویست نەبوو، وئەگەر پێیان بگەیشتایە ئەوا بۆی هەڵنەدەستان چونکە حەزی بەوە نەدەکرد

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «هیچ کەسێک هێندەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە لایان خۆشەویست نەبوو، وئەگەر پێیان بگەیشتایە ئەوا بۆی هەڵنەدەستان چونکە حەزی بەوە نەدەکرد».
[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە لە لای هاوەڵان هیچ کەسێک وەکو پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- خۆشەویست نەبووە، ولەگەڵ ئەم خۆشەویستیە بەهێزەیان بۆی، ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێیان بگەیشتایە؛ بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەڵنەدەستان؛ چونکە ئەوان دەیانزانی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حەز ناکات کەس لە بەر پێی بۆی هەڵسێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10970